# ئەو ساتانەی بۆ تۆ دەژیام

کاوەی خەسرەو کاوانی
هەولێر

ئەو ساتـانەی بۆ تۆ دەژیام
هەنگاوەکان منیان بەرە و
ئومێدێکی تـازە دەبرد ,
نا ئومێدی لاشەییێکی ساردو سڕ بوو
لەدەست خەرەندو هەڵدێرا
گاڵتەی بەبوونی خۆی دەکرد,
خۆشەویستیت شەمعی مۆمی
تەمەنی پڕ لە ناسۆرەوە
منیش پلیتەی گڕگرتوو,
کە تەواو بێت خامۆش دەبم
ژین دەبێت بەلاشەی مردوو ,
زۆر دەمێکە
راهاتووی کۆچ و کۆچ بـارین
ئەی بۆ هەرگیز ئەم دڵەی من
لەگەڵ کۆچی تۆ رانـایێ ,
ئەی بۆ هەردەم
پڕ حەژمەتەو ئـارام ناگرێ
وێڵە بەدوای دیداری تۆو
دەروانێ بەهەموو لایێ .